نیاز سەعید عەلی

# پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان
نیاز سەعید عەلی
بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان (١٩٩٥) ساڵی ٢٠١١
لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە
دیزاین: ئەمیرە عومەر
تیراژ: ( ٤٠٠٠ )
ژمارەی زنجیرە: (٣٢)

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لەدەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی رۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابینكردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

# پێشەکی

هەڵبژاردن پرۆسەیەکە بە چەند ساڵ جارێك ئەنجام ئەدرێ، بە ڕێبازێکی ئاشتیو یاساییو دیموکراسی، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی و سیستەمی بەڕێوەبردن، لەسەر بنەمای دیاریکردنی کۆی ژمارە و ڕێژەی سەدیی دەنگەکان، بەپشتبەستن بەیاساو سیستەمێکی بڕیارلێدراو.

بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن و پرۆسەی دەنگدان، بە بەشداریی ئازادانەو نهێنیانەی هاووڵاتیان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، بەگوێرەی یاساو سیستەمی



هەڵبژاردنی بڕیارلێدراو، چەندین لیست، یان قەوارەی سیاسیو پاڵێوراو، لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، ڕکابەرێتی ئەکەن بۆ کۆکردنەوەی دەنگی هاوڵاتیان، بە ڕێژەیەك کە ببێتە هۆی بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە پرۆسەکەدا، ئەویش بە مسۆگەرکردنی زۆرترین کورسییەکانی پەرلەمان.

پرۆسەی هەڵبژاردن، پرۆسەیەکە مافی بەشداریکردن بۆ دەنگدان، ئەداتە هەموو هاوڵاتییەك، ئەگەر تەمەنەکەی لەڕووی یاساییەوە ڕێپێدراو بێت بۆ بەشداریکردن لەپرۆسەی دەنگداندا، بە هەمان شێوە، مافی بەشداریکردن بۆ خۆپاڵاوتن، ئەداتە هەموو ڕێکخراو و پارتێکی سیاسی، یان هەموو هاوڵاتییەکی ئاسایی بێلایەن، ئەگەر مەرجە یاساییەکانی خۆپاڵاوتنی تیادا بێ .

بۆ بەرچاوڕوونی لە کاتی داڕشتنی پلانو ئامادەکارییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنو چۆنیەتی

دانانی بەرنامەو دروشمی هەڵبژاردن و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، هەروەها بۆ شارەزابوون و ئاگاداربوون لەچۆنیەتی پۆلێنکردنی هەڵوێستی ئەو هاوڵاتییانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە، بەر لەپرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان، لەسەر بەشداریکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگداندا، بەپێویستی ئەزانم ئەو دوو هەڵوێستە، هەریەکەیان بەجیا بخەمەڕوو .



# پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن

بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن، ئەتوانرێ هەڵوێستەکان لەسەر بەشداریکردن لەپرۆسەی دەنگداندا، بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنبکرێ بکرێ:

**یەکەم/ بەشداریکردن:** هەڵوێستی ڕێژەیەك لەهاوڵاتییان کە مافی دەنگدانیان هەیە، بریتییە لەبەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردن، بەشداریکەران بریتین لەو هاوڵاتیانەی کە بەبێ دوودڵی و ڕاڕایی، بڕیاری کۆتایی پێشوەختیان هەیە، بۆ بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردن، بەشداریکەران لە سێ پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتوون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ / **سیاسییەکان:** ئەم توێژە، لەو هاوڵاتییانە پێکهاتووە، کە ئینتیمای سیاسییان بۆ پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکان هەیەو بریتین لە لێپرسراو و کادیرو ئەندامانی پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکان.

ڕێژەی سەدیی ئەم پێکهاتەیە ، لەناو پرۆسەی هەڵبژاردندا، ڕێژەیەکی زۆرو بەرچاو نییە، بەڵکو ڕێژەکەی کەمە، بۆیە ئەم پێکهاتەیە ناتوانێ، ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێ، لەیەکلایکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، ئەم پێکهاتەیە لەبەشداربووان، چ پێکهاتەی سیاسی (ئێمە)، چ پێکهاتەی سیاسی (ڕکابەر)ەکان، پێویستی بەهەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی (ئێمە)و (ڕکابەر)ەکان نییە، بەڵکو ئەم پێکهاتەیە خۆی هەڵئەستێ بەئەنجامدانی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، بەسەر دوو پێکهاتە بەشداریکەرەکەی



تردا، ئەوانیش بریتین لە (ئەندامانو لایەنگرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هاوڵاتییە بێلایەنەکان ) .

پێکهاتەی سیاسییەکان، پێکهاتەی جۆراوجۆرنو بەسەر چەندین پارتو ڕێکخراوی سیاسی جیاجیادا دابەش ئەبنو لەڕۆژی دەنگداندا، دەنگ بە لیستو بەپاڵێوراوەکانی خۆیان ئەدەن.

٢ / **هەڵسوڕاوان و ئەندامانو لایەنگرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی:** ئەم بەشە لەکۆمەڵگا، لەو هاوڵاتییانە پێکهاتووە، کە ئینتیمای ڕێکخراوەییان، بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەیە، لە نموونەی ڕێکخراوەکانی مامۆستایان و ژنان و خوێندکاران و پارێزەران و هونەرمەندان و پزیشکان و کرێکاران و جووتیارانو ئەندازیارانو ... هتد .

ڕێژەی سەدیی ئەم پێکهاتەیە، لە بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، زیاترە لە ڕێژەی سەدیی بەشداریکەرانی پێکهاتەی ( سیاسییەکان )، هەروەها ڕێژەیەک لەم پێکهاتەیە، لەهەمانکاتدا ئینتیمای بۆ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان هەیە، یان لایەنگر و هەواداریانن، ڕێژەیەکی تریشیان بێلایەنن .

ئەم پێکهاتەیە؛ ئەتوانێ ڕۆڵێکی مامناوەندو هاوکار بگێڕێ، لەیەکلاییکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، هەربۆیە پێویستی بە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن هەیە، بەڵام بە قەبارەیەکی کەمتر، لەپێکهاتەی بەشداریکەری سێیەم، کە بریتییە لە (پێکهاتەی بێلایەنەکان ) .

هەڵسوڕاوان و ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بریتین لە سێ جۆر پێکهاتە، بەم شێوەیەی خوارەوە:



**أ- لایەنگران و ئەندامانی پارتەکەی ( ئێمە )، چ وەکو تاک، چ وەکو ڕێکخراو .**

**ب-لایەنگران و ئەندامانی پارت و ڕێکخراوە سیاسییە ( ڕکابەر ) ەکان، چ وەکو تاک، چ وەکو ڕێکخراو، ئەمانەش دابەش ئەبن بەسەر چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی جیاجیای تردا .**

**ج-بێلایەنەکان، چ وەکو تاک، چ وەکو ڕێکخراوی سەربەخۆ .**

شایەنی باسە ( ئێمە )و ( ڕکابەر )ەکان، لەهەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، ململانێ و ڕکابەرێتی، لەسەر بەدەستهێنان و مسۆگەرکردنی زۆرترین ڕێژەی دەنگەکانی بێلایەنەکانی ناو ئەم پێکهاتەیە ئەکەین .

**٣ / هاوڵاتییە بێلایەنەکان:** ئەم بەشە لەکۆمەڵگا، لەو هاوڵاتییانە پێکهاتووە کە هیچ ئینتیمایەکی سیاسییان، بۆ پارت و ڕێکخراوە

سیاسییەکان‌و هیچ ئینتیمایەکی ڕێکخراوەییان، بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نییە .

ڕێژەی سەدیی ئەم پێکهاتەیە لە بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا، لەڕێژەی سەدیی هەردوو پێکهاتەکەی تر زیاترەو لەزۆربەی پرۆسەکانی هەڵبژاردندا، ڕێژەی سەدییەکەی لەسەروو (٥٠٪)ی دەنگدەران پێکئەهێنێ .

ئەم پێکهاتەیە لە کۆمەڵگا، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەو سەرەکی‌و کاریگەر ئەگێڕێ لەئەنجامەکانی هەڵبژاردندا، لەبەرئەوە ئەم پێکهاتەیە زۆر پێویستی بەهەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی چڕو بەرفراوان‌و کاریگەر هەیە، شایەنی باسە چارەنووسی لیستی (ئێمە)و لیستی (ڕکابەر)ەکانی هەڵبژاردن؛ ئەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی دەنگدانی ئەم پێکهاتەیەوە.

ئەم پێکهاتەیە لە دوو جۆر هاوڵاتی پێکهاتووە، بەم جۆرەی خوارەوە:



**أ- هاوڵاتی بێلایەنی گرنگیدەر بە پرۆسەی سیاسی:** ئەم جۆرە لەو هاوڵاتییانە پێکهاتووە، کە سەرەڕای نەبوونی هیچ ئینتیمایەکی سیاسی‌و ڕێکخراوەیی، بۆ هیچ پارت‌و ڕێکخراوێکی سیاسی‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کەچی بڕوایان بە پرۆسەی سیاسی هەیەو خولیای بەدواداچوونی مەسەلە سیاسییەکان و هەواڵ و پێشهات‌و ڕووداو و گۆڕانکارییە سیاسییەکانن، لەم ڕووەوە شیکردنەوەو لێکدانەوەی قووڵی لەسەر ئەکەن‌و گرێی ئەدەن بە چارەنووسی کێشەکان‌و داواکاریی‌و ئاستی بژێویی‌و ئاراستەی ژیانیانەوە و بەهۆیەوە بوونەتە خاوەنی هوشیارییەکی سیاسی.

ئەم جۆرە لەهاوڵاتی، پرۆسەی سیاسی، بەپرۆسەیەکی نەخشێنەر و کاریگەر، لەسەر ڕەوشی خۆی‌و خێزانەکەی و بەرژەوەندییەکانی

خۆی ئەزانێ، هەروەها پێیوایە کە ناکۆکی و جیاوازی و ململانێی نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان، لەسەر سیستەمی دەسەڵات و سیستەمی بەڕێوەبردن، بە باش و بەخراپ، کاریگەریی هەیە لەسەر ڕوودانی گۆڕانکاریی، لەسەر ئاراستەو سیستەمی ژیانی ئەو .

**ب- هاوڵاتی بێلایەنی بێباك لەپرۆسەی سیاسی:** ئەم جۆرە لەو هاوڵاتییانە پێکهاتووە کە بڕوایان بە بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا هەیە، بەڵام بەچەشنی جۆری پێشوو، گرنگی بەپرۆسەی سیاسی نادەن، ئەگەر گرنگیشی پێبدەن، ئەوا زۆر بە کەمی و زیاتر بە ڕووکەشانە، چونکە ئەوان بەپەراوێزیی و بە خەمساردانە؛ ئەڕواننە پرۆسەی سیاسی، ئەم جۆرە لە هاوڵاتیان، زیاتر لەژێر کاریگەریی فاکتەری سایکۆلۆژییدا،



بەشداری هەڵبژاردن ئەکەن و سۆزدارانە دەنگ ئەدەن .

**دووەم / بایکۆتکردن:** بەشێك لە کۆمەڵگا، لەبەر هۆکاری جیاجیای گشتی و هۆکاری تایبەتی، پێشوەخت و بەر لەئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن، بڕیاری بایکۆتکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن ئەدا .

هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، بۆ ئەم بەشە لە کۆمەڵگا پێویستە، تاکو پاشگەز ببنەوەو بڕیاری بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بدەن، ڕێژەیەك لەم بەشە، لەژێر کاریگەریی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، لە هەڵوێستی بایکۆتکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، پاشگەز ئەبنەوەو بڕیاری بەشداریکردن ئەدەن، چونکە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی لیست و قەوارەکانی بەشداربووی پرۆسەی هەڵبژاردن و ململانێ و ڕکابەریتی

نێوانیان، هەتا بابەتی و وروژێنەر و واقیعی و چارەنووسسازو کاریگەرو زیندوو بێت، ئەوا ڕێژەی بەشداریکردنیان زیاتر ئەبێ، بەپێچەوانەوە، جاری وا هەیە چەندە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، سست و لاوازو ساردو خاو بێ، ئەوا کاریگەریی دروست ئەکا لەسەر کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشداربووان، لەپرۆسەی هەڵبژاردندا .

بایکۆتکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن دوو جۆری هەیە، کە بریتین لە:

**أ – بایکۆتکردنی ڕێکخراو:** ئەم بایکۆتکردنە، بایکۆتی ئەو هاوڵاتییانەیە کە ئینتیمایان بۆ پارت، یان ڕێکخراوێکی سیاسی هەیە، یان لایەنگر و سۆزداریانن و لەبەر هۆکاری جیاجیا، پارت، یان ڕێکخراوەکەیان، بڕیاری بایکۆتکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنیان داوە، لێپرسراو و کادیرو ئەندامانی پارتەکە، یان ڕێکخراوەکە، پابەند ئەبن بەبڕیاری



بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەوەو لەڕۆژی دەنگداندا بایکۆتی ئەکەن.

**ب – بایکۆتکردنی خۆڕسک:** ئەم بایکۆتکردنە بریتییە لە بایکۆتی ئەو هاوڵاتییانەی کە هیچ ئینتیمایەکیان بۆ پارت، یان ڕێکخراوە سیاسییەکان نییە، بەڵکو خۆڕسکانە، لەبەر هۆکاری جیاجیا، دوور لەبڕیاری هیچ پارت، یان ڕێکخراوێکی سیاسی، بڕیاری بایکۆتکردن لەهەڵبژاردندا ئەدەن .

**سێیەم / ڕاڕایی لە نێوان بەشداریکردن و بایکۆتکردن:** بەشێك لەکۆمەڵگا، بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن، لە نێوان بەشداریکردن، یان بایکۆتکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، ڕاڕاو و دوودڵن .

ئەم بەشە، لەپرۆسەی هەڵبژاردندا، ئەکەونە ژێر کاریگەریی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، سەرەنجام ڕۆژی دەنگدان، هەڵوێستی خۆیان،

لەنێوان بەشداریکردن لەدەنگدان، یان بایکۆتکردنی دەنگدان، ساغ و یەکلا ئەکەنەوە .



# پۆلێنکردنی هەڵوێستی دەنگدەران پێش پرۆسەی دەنگدان

بەشێك لە هاوڵاتییان، بە کاریگەریی چەندین هۆکاری جیاجیا و پاش تەواوبوونی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، بەشداری پرۆسەی دەنگدان ئەکەن‌و دەنگەکانی خۆیان بە ڕێژەی جیاواز، بەسەر لیست و پاڵێوراوەکاندا، ئەبەخشنەوە .

دەنگدەران، کە بڕیاری بەشداریکردنیان لەپرۆسەی دەنگداندا داوە، بەر لەپرۆسەی دەنگدان، ئەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنیان بکەین:

**١ – دەنگدەرانی کۆنکرێتی پارتەکەی ( ئێمە ):**
ئەم بەشە لەو دەنگدەرە مسۆگەرانە پێکهاتووە، کە

ئەندامی پارت، یان ڕێکخراوە سیاسیەکەی (ئێمە)ن، کە بە لیستێکی سەربەخۆ، یان بەلیستێکی هاوبەش، لەگەڵ پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی تردا، یان زیاتر، بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن ئەکا، دەنگدەرانی مسۆگەری ( ئێمە )، لەسکرتێری گشتییەوە، شۆڕئەبێتەوە بۆ ئەندامانی ئۆرگانەکانی خوارەوە، هەروەها هەموو ئەوانەی تر، کە بەهۆی کەناڵ و میکانیزمەی جیاجیای ترەوە، یان لەبەر هۆکاری تر، پەیوەندیی ئۆرگانیکی، یان پەیوەندیی ناڕاستەوخۆیان بە پارت، یان بەڕێکخراوەکەی ( ئێمە )ەوە هەیە، یان بەرژەوەندیی و چارەنووس و بژێویان بە پارت، یان ڕێکخراوەکەی ( ئێمە )ەوە گرێدراوە، ئەم پێکهاتەیە لە کۆمەڵگا، پێویستی بەهەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی ( ئێمە )نییە، چونکە خۆی هەڵئەستێ بە ئەنجامدانی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن،



لەناو هاوڵاتییە بێلایەنەکاندا، هەروەها هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستە ( ڕکابەر )ەکانیش، ناتوانێ کاریگەریی لەسەر دەنگدەرانی کۆنکرێتی (ئێمە) دروستبکا، ئەگەر بیکا، ئەوا زۆر بەکەمی و بەسنووورداریی ئەبێ .

**٢ – دەنگدەرانی کۆنکرێتی پارت و ڕێکخراوە سیاسییە ( ڕکابەر )ەکان:** ئەم دەنگدەرانە لەو دەنگدەرە مسۆگەرانە پێکهاتوون کە ئەندامی پارت، یان ڕێکخراوە سیاسییەکانی ترن، کە بە لیستی سەربەخۆ، یان بە لیستی هاوبەش، بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن ئەکەن . دەنگدەرانی مسۆگەری ( ڕکابەر )ەکان، لە لێپرسراو و کادیرو ئەندامانی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی تر پێکهاتووە، شانبەشانی هەموو ئەو کەسانەی تر کە بەهۆی کەناڵ و میکانیزمەی جیاجیای ترەوە، یان لەبەر هۆکاری تر، پەیوەندی ئۆرگانیکی، یان پەیوەندی

ناڕاستەوخۆیان بەو پارتو ڕێکخراوە سیاسییە (ڕکابەر)انەوە هەیە، یان بەرژەوەندیی و چارەنووسو بژێوییان، بە پارت، یان ڕێکخراوە سیاسییە ( ڕکابەر )ەکانەوە گرێدراوە .

ئەم پێکهاتەیە لە کۆمەڵگا پێویستی بە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پارت، یان ڕێکخراوەکەی (ئێمە) نییە، چونکە هیچ جۆرە هەڵمەتێکی بانگەشەی هەڵبژاردن، کاریان لێ ناکاو ئامادەنین دەستبەرداری پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکانیان بن، بگرە خۆیان بەڕکابەری سەرەکی پارت، یان ڕێکخراوەکەی (ئێمە) ئەزانن و کار بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن، بەسەر پارت، یان ڕێکخراوەکەی (ئێمە)دا ئەکەن، دەنگدەرانی کۆنکرێتی (ڕکابەر)ەکان، لەدەنگدەرانی چەندین پارتو ڕێکخراوی سیاسی جیاجیا پێکهاتوون و دەنگ بەلیست و پاڵێوراوەکانی خۆیان ئەدەن .



٣- **دەنگدەرانی بێلایەن:** ئەم دەنگدەرانە ڕێژەی زۆرایەتی لە ژمارەی دەنگدەران پێکئەهێنن و هیچ ئینتیمایەکی سیاسیو ڕێکخراوەییان بۆ پارت، یان ڕێکخراوی ( ئێمە )، یان بۆ پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکانی تری ( ڕکابەر )ەکان نییە، ئەم پێکهاتەیە لە کۆمەڵگا، ئەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پارت، یان ڕێکخراوی (ئێمە)و هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پارت و ڕێکخراوە سیاسییە (ڕکابەر)ەکانی تر .

ئەم پێکهاتەیە ڕۆڵی سەرەکیو کاریگەر ئەگێڕێ، لەیەکلایکردنەوەی چارەنووسسازانەی ئەنجامی گشتی هەڵبژاردنەکان، هەرچەندە ڕێژەیەکی زۆر کەمیشیان بە کارتی سپی، بەشداری پرۆسەی دەنگدان ئەکەن .

# ئەو هۆکارانەی کارئەکەنە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەنجامی گشتی دەنگدان

چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی، کارئەکەنە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەنجامی گشتی دەنگدان، ئەو هۆکارانە بریتین لەژمارەیەك هۆکاری ناوخۆیی و هۆکاری دەرەکی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم / هۆکاری ناوخۆیی:** هۆکارە ناوخۆییەکان، بریتین لەژمارەیەك هۆکار، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- **هۆکاری سیاسی:** لە نموونەی ( کێشە و قەیران و ڕووداو و گۆڕانکاریی و پێشهات و ناکۆکی و ململانێی سیاسی ناوخۆیی و ... هتد ).



٢- **هۆکاری ئابووریی:** لە نموونەی ( کێشە و قەیرانی ئابووریی، سیستەمی ئابووریی، ڕەوشی ئابووریی کۆمەڵگا، دیاردە ئابوورییەکان، باری گوزەران و بژێویی ئەندامانی کۆمەڵگا و ... هتد ).

٣- **هۆکاری کۆمەڵایەتی:** لە نموونەی ( کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی، دابونەریت، پایەی کۆمەڵایەتی، سیستەمی کۆمەڵایەتی، تیرەگەرێتی و هۆزگەریی، دیاردە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ... هتد ) .

٤- **هۆکاری نەتەوەیی و ئێتنیکی:** لە نموونەی (جیاوازی و ناکۆکی و ململانێی نەتەوەیی و ئێتنیکی، بەرژەوەندی نەتەوەیی، بیروباوەڕی نەتەوەیی، چەوسانەوەی نەتەوەیی و جەژن و بۆنە و یاد و مەراسیمە نەتەوەییەکان و هتد ... ) .

٥- **هۆکاری ئایینی و ئایینزایی:** لە نموونەی (جیاوازی و ناکۆکی و ململانێی ئایینی و

ئایینزایی، ڕەوشی ئایینی کۆمەڵگا، جەژن و بۆنە و مەراسیمە ئایینی و ئایینزاییەکان، ڕەمز و کەسایەتی ئایینی و ... هتد . ) .

**٦- هۆکاری کەلتووریی و مەعریفیی:** لە نموونەی (جیاوازی و ناکۆکی و ململانێی کەلتووریی و مەعریفی، فیکر و ئایدیۆلۆژیا، پێشکەوتن و گۆڕانکاریی لەسەرخانی کۆمەڵگادا، کاریگەریی چین و توێژە مەعریفی و ئەکادیمی و کەلتوورییەکان، میدیا، سیستەمی خوێندن و ... هتد . ) .

**٧- هۆکاری کارگێڕیی و خزمەتگوزاریی گشتی:** لەنموونەی ( گەشەپێدانی پرۆژە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بەرقەراربوونی ئاسایش، سیستەمی تەندروستی، سیستەمی پەروەردە و خوێندن، سیستەمی کۆکردنەوەی باج و ... هتد ) .



**٨- هۆکاری دەروونیی:** لە نموونەی ( ڕق، تووڕەیی، دەمارگیریی، بێزاریی، تۆڵەکردنەوە، خۆشەویستی، لێکبووردن، سۆز، جەنگی دەروونی، ورە، پڕوپاگەندە، شتنەوەی مێشک، ڕای گشتی و ... هتد . ) .

**٩- هۆکاری یاسایی:** لە نموونەی ( یاسای هەڵبژاردن، سیستەمی هەڵبژاردن، ڕێنماییەکانی هەڵبژاردن ) .

**١٠- هۆکاری نایاسایی:** لە نموونەی (ساختەکاریی و فرتوفێڵ لە دەنگداندا، کڕینی دەنگەکان، هەڕەشە و گووشار ) .

**دووەم/ هۆکاری دەرەکی:** هۆکارە دەرەکییەکان، بریتین لە هۆکاری ئقلیمی و هۆکاری نێودەوڵەتی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**أ- هۆکاری ئقلیمی:** لە نموونەی ( ڕووداو و گۆڕانکاریی ئقلیمی، کاریگەریی سیستەمی

فەرمانڕەوایی ئقلیمی، ئەنجامی هەڵبژاردنە گشتییەکانی وڵاتانی ئقلیم، پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان لەگەڵ وڵاتانی ئقلیم، دەستتێوەردانی ئقلیمی، بەرژەوەندی ئابووریی هاوبەش، ئاسایشی نەتەوەیی هاوبەش، پەیوەندی نهێنی هەواڵگریی، لەگەڵ وڵاتانی ئقلیم، ئایدیۆلۆژیای هاوبەش، لە نێوان وڵاتانی ئقلیم و هێزی سیاسی ناوخۆ، ناکۆکی و ململانێی ئقلیمی، پێگەو هەژموونی وڵاتانی ئقلیم لە ناوخۆدا، هاونەتەوەیی و هاوئاییینی و هاوئاییینزایی و هاوتیرەیی و هاوهۆزیی، لە نێوان پێکهاتە دیموگرافییەکانی وڵاتانی ئقلیم و پێکهاتە دیموگرافییەکانی ناوخۆ و ... هتد . ) .

٢ – **هۆکاری نێودەوڵەتی:** لە نموونەی ( ڕووداو و گۆڕانکاریی نێودەوڵەتی، ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتی هەندێ لە وڵاتان، دیاردەی نێودەوڵەتی،



ناکۆکی و ململانێی نێودەوڵەتی، بەرژەوەندی ئابووریی، سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئاسایشی نێودەوڵەتی، هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، پەیوەندی نێودەوڵەتی، ڕێکخراو و دامودەزگا و ئۆرگانە نێودەوڵەتییەکان، دەستتێوەردانی نێودەوڵەتی، ئامانج و ستراتیژی نێودەوڵەتی، جەنگی نێودەوڵەتی و ... هتد . ) .

# هۆكارەكانی بەشداریكردنی دەنگدەران لە پرۆسەی هەڵبژاردندا

ڕێژەیەك لە ئەندامانی كۆمەڵگا، لەژێر كاریگەریی چەندین هۆكاری گشتیو تایبەتی، بەشداریی لەپرۆسەی هەڵبژاردندا ئەكەن، هۆكارە گشتیو تایبەتییەكان بریتین لە:

**یەكەم / هۆكاری گشتی:** هۆكارە گشتییەكان بریتین لە:

١ – **هۆكاری سیاسی:** لە نموونەی ( كێشەی سیاسی، جیاوازیو ناكۆكیو ململانێی سیاسی، هاوپەیمانێتی سیاسی، ئامانجی سیاسی، بەرژەوەندی سیاسی، سیستەمی سیاسیو فەرمانڕەواییو … هتد . ) .



٢ – **هۆكاری ئابووریی:** لە نموونەی ( كێشەو قەیرانو گرفتە ئابوورییەكان، بەرژەوەندیی ئابووریی، سیستەمی ئابووریی، دیاردە ئابوورییەكان، ڕەوشی ئابووریی، باری ژیان و گوزەرانی كۆمەڵگاو ... هتد. ) .

٣ – **هۆكاری كۆمەڵایەتی:** لە نموونەی ( ناكۆكیو ململانێی تیرەگەرییو هۆزگەریی، گرووپە كۆمەڵایەتییەكان، دابونەریت، پایەی كۆمەڵایەتی، ڕەوشی كۆمەڵایەتی، دیاردەو كێشەو گیروگرفتە كۆمەڵایەتییەكان و ... هتد .).

٤ – **هۆكاری ئایینی و ئایینزایی:** لە نموونەی (جیاوازی و ناكۆكی و ململانێی ئایینیو ئایینزایی، ناكۆكی نێوان ئیجتیهادە ئایینییەكان، ڕەوشی ئایینی، ڕۆڵ و كاریگەریی كەسایەتی ئایینی، بووژانەوەی ئایینی و ئایینزایی و ... هتد).

**٥– هۆكاری نەتەوەیی و ئتنیكی:** لە نموونەی ( جیاوازی و ناكۆكی و ململانێی نەتەوەیی و ئتنیكی، چەوسانەوەی نەتەوەیی و ئتنیكی, هوشیاری نەتەوەیی، باری دیموگرافی كۆمەڵگا، بیروباوەڕی نەتەوەیی و ... هتد . ) .

**٦– هۆكاری كەلتووریی و مەعریفی:** لە نموونەی ( جیاوازی و ناكۆكی و ململانێی كەلتووریی و مەعریفی، ئایدیۆلۆژیا، فیكر، فەلسەفە، میدیا، یاسا و ... هتد . ) .

**٧– هۆكاری كارگێڕیی و خزمەتگوزاریی گشتی:** لە نموونەی (چاكسازیی لە سیستەمی تەندروستی، چاكسازیی لە سیستەمی پەروەردەو خوێندن، چاكسازیی لە سیستەمی هاتوچۆ و گەیاندن، چاكسازیی لە سیستەمی دادوەریی، بەرزكردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەكان و ... هتد ) .



**دووەم / هۆكاری تایبەتی:** هۆكارە تایبەتییەكان بریتین لە:

**١–هۆكاری خۆیی مادیی:** لە نموونەی (دەستكەوت و خەڵاتی مادیی، پلە و پایە، بەڵێن، بەرژەوەندیی تایبەتی، ئامانجی تایبەتی و ... هتد.) .

**٢– هۆكاری خۆیی دەروونیی:** لە نموونەی (ڕقلێبوونەوە، تۆڵەكردنەوە، بێزاریی، خۆشەویستی، ئاشتبوونەوە، تەبایی، نەخۆشی دەروونیی، جەنگی دەروونی، پروپاگەندە، دابەزینی ورە، شتنەوەی مێشك، دیماگۆكی میدیا و ... هتد . ) .

# هۆكارەكانی بایكۆتكردنی بەشێك لەو هاوڵاتییانەی كە مافی دەنگدانیان هەیە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا

ڕێژەیەك لەو هاوڵاتییانەی كە مافی دەنگدانیان هەیە، بە بڕیاری پێشوەختی خۆیان، لەژێر كاریگەریی چەندین هۆكار، بایكۆتی پرۆسەی هەڵبژاردن ئەكەن، هۆكارەكان لە هۆكاری سەرەكی و هۆكاری لاوەكی پێكهاتوون و بریتین لە:

**یەكەم / هۆكاری سەرەكی:** هۆكارە سەرەكییەكان، بریتین لە هۆكاری بابەتی و هۆكاری خۆیی، بەم جۆرەی خوارەوە:

**أ- هۆكاری بابەتی:** هۆكارە بابەتییەكان بریتین لە:



١- ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردن، پرۆسەیەكی كارتۆنی و شانۆگەرییانە بێت، واتە ئەگەر پرۆسەكە پرۆسەیەكی دیموكراسییانەو ئازادانە نەبێ .

٢- ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردن، ململانێ و ڕكابەریی بەهێز و چارەنووسسازیی نێوان لیستە ڕكابەرەكانی تیانەبێت، یان ئەگەر هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستە ڕكابەرەكان، لەئاستێكی نزم و لاواز و ناكاریگەردا بێ .

٣- ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردنو هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، جیاوازیی دروشمو ئامانج و بەرنامەی هەڵبژاردنی لیست و هەڵوێستی قەوارە جیاجیاكانی تیا نەبێ.

٤- ئەگەر هەموو هێزو قەوارە سیاسییە بەشداربووەكان لەڕابردوودا، متمانەو ڕاستگۆییان لە دەستدابێتو نەیانتوانیبێت بەرنامەی هەڵبژاردنو بەڵێنەكانی هەڵمەتی بانگەشەی

هەڵبژاردنی ڕابردوویان جێبەجێکردبێت، لەهەمانکاتدا، ئەگەر لیست و قەوارەی سیاسی تازەی کاریگەر، بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی نەکردبێت، یان ئەگەر لیستو قەوارەی سیاسی تازەش سەریانهەڵدابوو، بەڵام نەیانتوانیبێت ببنە جێگای ئومێدو هیوای کۆمەڵگا، واتە ئەگەر لەیەککاتدا بێمتمانەیی بە پارتە فەرمانڕەواکانی پێشوو و لەگەڵیشیدا بێهیوایی بە پارت و ڕێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکان، لای کۆمەڵگا دروستبووبێ .

٥- ئەگەر ئەنجامە گشتییەکانی هەڵبژاردن؛ هیچ کاریگەرییەکی لەسەر وەرچەرخان و گۆڕینی ڕەوشی سیاسیو چارەسەکردنی کێشەو قەیرانەکانی کۆمەڵگا نەبێتو نەبێتەهۆی نوێبوونەوە، یان گەشەپێدانی سیستەمی فەرمانڕەوایی و سیستەمی بەڕێوەبردن .



**ب- هۆکاری خۆیی:** هۆکارە خۆییەکان بریتین لە:

١- بەشێك لە بایکۆتکەرانی دەنگدان، هیچ پاڵێوراو و هیچ لیست و قەوارەیەکی هەڵبژاردن، بەنوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان نازانن و ئامادە نین دەنگیان بدەنێ، چونکە خۆیان بەخاوەنی داواکاریی و خواستو خەوی گەورەتر، لە دروشمو ئامانجی سەرجەم لیستە ڕکابەرەکان ئەزانن .

٢- بەشێك لە بایکۆتکەرانی دەنگدان، لەبنەڕەتەوە باوەڕیان بەپرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان نییە، چونکە بە بیانوو و بە پاساویی ئایدیۆلۆژیی و ئایینی، ڕەتی ئەکەنەوە .

٣- بەشێك لە بایکۆتکەرانی دەنگدان، پێیانوایە کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، نە بە باش، نە بە خراپ، هیچ کاریگەرییەك لەسەر ئاراستەی ژیان و

گوزەران و چارەنووس و پێگەی ئەوان، لە ئێستا و لەداهاتوودا دروست ناکا .

**دووەم / هۆکاری لاوەکی:** چەندین هۆکاری تری لاوەکی، ئەبێتە هۆی بایکۆتکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، لەلایەن بەشێك لە کۆمەڵگا، هۆکارەکان بریتین لە:

١– **هۆکاری تایبەتی:** لە نموونەی ( مردنی کتوپڕ، پرسەی کەسە نزیکەکان، نەخۆشی کوشندە، سەفەرکردن، پەککەوتەیی و ... هتد . ) .

٢– **هۆکاری دەروونیی:** لە نموونەی (زوویریی، ڕەشبینی، ڕق، بێهیوایی، ترس، جەنگی دەروونی، دابەزینی ورە، پروپاگەندە، شکستی دەروونی و ... هتد .) .

٣– **هۆکاری لۆجستیکی و تەکنیکی:** لەنموونەی ( کەمی سندوقی دەنگدان، نەبوونی هۆکانی گواستنەوە، نەبوونی ناوی هاوڵاتی



لەلیستی دەنگدەردا، دووری سندوقی دەنگدان، لەشوێنی نیشتەجێبوونی دەنگدەر و ... هتد . ) .

٤– **هۆکاری سروشتی و جوگرافی:** لە نموونەی ( باران، بەفر، سەرما، گەرما، ڕەشەبا، خۆڵبارین، ... هتد . ) .

٥– **هۆکاری کتوپڕ و لەناکاو:** لە نموونەی (هەڵگیرسانی شەڕ، بوومەلەرزە، لافاو، ڕووداوی جەرگبڕ و تراژیدیی، تێکچوونی باری ئاسایش، هەڕەشە و مەترسی تیرۆر و ... هتد . ) .

# زنجیرەکانی هۆشیاری

| ژ. | ژ. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | ن. عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عوسمان حەسەن | ٢٠١٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | شاکر | |
| ٢٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان ـ سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | سەرۆکایەتی ئەمریکادا | | |
| ٣٦٦ | ١٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیدابوونی عەلمانیەت | فرید اسسرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ١٧ | سیاسەتی رووخساری نەتەوەیی کەرکوك | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ١٨ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ١٩ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | ٢٠ | بەشداریکردنی سیاسی | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | ٢١ | سیستمی فیدراڵ | ن. عەبدوڵلا عەنزی | ٢٠١١ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | لەدەوڵەتی ئیماراتدا | و. سەردار عبدالكريم | |
| ٣٨٣ | ٢٢ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٢٨٤ | ٢٣ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکانی | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | ٢٤ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | ن: ئاستین کلاین<br>و. کاوسێن بابەکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | ٢٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | ٢٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية | د. حميد عزيز<br>ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | ٢٧ | دەوڵەتشاری دێرین | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حسن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ٢٨ | ئاینو سیاسەت | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | ٢٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال | ن. خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٣٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | ٣١ | دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |



## لە بڵاوکراوەکانی
## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ز | بڵاوکراوەکان | نوسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاکم قادر حمەجان عزیز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لەسویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گوڕون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤٢ | زنجیرەیەک گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانییەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئاین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (١) | | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤٩ | رۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی: د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئایین و ئازادی بیروڕا زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست ڕینان و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | و. ئارام ئەمین شوانی | |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان و. لەعەرەبییەوە: یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور ژمارە (٢) | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی: ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف ت. عن الروسيه: | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | احمد حيدر علي | |
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٧ | مـــافی چـــارەی خۆنووســـین لەئـــــــەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گـۆڕینی رووخسـاری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کورد و پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشە و مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی: | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | عەلی جۆڵا | |
| ٣٨٦ | کەلتور – ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بنى ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاینو سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار) | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | |
| ٤٠٣ | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | کێشەی شیعەو سوننە<br>کورتەباسێکی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف کەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمکو گرفتەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | (S.I) ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |